Consolato d'Italia
Erbil

## بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزەی گەشتیاری

1 - پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی شنگن لە ڕێگای ئەم لینکەوە

(Homepage - Visto Schengen - Modulo online (esteri.it)) دواتر چاپ و واژۆ بکرێت، لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.

2 - وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry_variant) (icao.int)).

3 - پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).

4 - کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.

5 - بڕوانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپییەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.

6 - تێچووی کونسوڵگەری (بۆ تێچووی نوێکراوە، سەیری خشتەی پەیوەندیدار بکە لەم لینکە).

7 - دڵنیایی تەندروستی کە نابێت بڕی لە ٣٠،٠٠٠ یۆرۆ کەمتربێت، وە پێویستە هاوکات بێت لەگەڵ تەواوی گەشتەکە و مانەوەکە لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بۆ هەر تێچوویێکی تەندروستی و فریاکەوتن و مانەوە لە نەخۆشخانە، و گەڕانەوە لە حاڵەتی نەخۆشی و مردن.

8 - حجزکردنی فڕۆکە بۆ چوون و گەڕانەوە. وە بۆ هەر گەشتێک لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ئەگەر هەبێت پێویستە بە بەڵگەنامە بکرێت.

9 - حجزکردنی شوێنی مانەوە یان هوتێل یان بانگهێشتنامە (دەعوەتنامە)ی کەسێک کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە لەگەڵ کۆپییەکی بەڵگەنامەی ناسنامەکەی ئەگەر بانگهێشتکەرەکە هاوڵاتی وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا نەبێت، ئەوا کۆپی مۆڵەتی نیشتەجێبوونەکەی کە پێویستە کارابێت. پێویست بانگهێشتنامە لەسەر ئەم جۆرە کلێشەیە بێت لەم لینکە (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/lettera_invito_turismo.docx ).

10 - بڕوانامەی باری خێزانی (سورەت قەید).

11 - بەڵگەنامە سەبارەت بە پێگەی ئابووری داواکار؛ بۆ نموونە: بەڵگەنامەی پشتگیری بانکی کە ئاماژە بە ژمارەی ئەژماری داواکار، بەرواری کردنەوەی و باڵانسی ئێستا بدات، لەگەڵ بەیاننامەی هەمان ژمارەی بانکی (کشف حساب)، کە مۆر و واژۆی بانکی لەسەرە، لەگەڵ جوڵەکانی شەش مانگی ڕابردوو (بۆ خاوەنکارانی ئەوەی خۆیان و کۆمپانیا؛ حیسابی تایبەت بەخۆیان بۆ کارمەندان)، پسولەی مووچەی چەند مانگی ڕابردوو، کە مۆر و واژۆی خاوەنکارەکەی لەسەرە؛ کرێدیتی خانەنشینی؛ گرێبەستی بەکرێدان؛ بەڵگەنامەی خانووبەرە.

Consolato d'Italia
Erbil

ئەو کەسانەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نین (بۆ نموونە فێرخواز و قوتابی و خوێندکاران، منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ، هاوسەرەکان) و وابەستەی ئەندامێکی خێزانە نزیکەکەیانن، دەتوانن ئەو بەڵگەنامکانی پەیوەستن بە پێگەی ئابووری ئەو ئەندامەی خێزانەوە کە پشتی پێدەبەستن، بە هاوپێچی نامەی گەرەنتی بۆ گرتنە ئەستۆی خەرجییەکان لەلایەن ئەندامی خێزانەکەوە بە واژۆکراوی، لەگەڵ کۆپییەکی ناسنامە (پاسەپۆرت) پێشکەش بکەن.

12. توانا و بەڵگە داراییەکان هاوتا بێت لەگەڵ ماوەی مانەوەی داواکراو، وەک لە ڕێنمایی ئێستای وەزارەتی ناوخۆی ئیتاڵیادا پێشبینی کراوە بۆ مانەوە( Tabella per la Determinazione dei Mezzi di Sussistenza Richiesti per l'Ingresso nel Territorio Nazionale – Ministero degli Affari Esteri e della Cooperazione Internazionale )

13. بەڵگەنامە سەبارەت بە پۆستی پیشەیی/ئیش و کاری داواکار

أ) کارمەندان:

- نوسراوی ئەسڵی/ئۆریجینال لەسەر کاغەزی کلێشەی خاوەنکار، واژۆ و مۆر لەلایەن نوێنەری یاساییەوە کرابێت، ئاماژە بە ناونیشانی کارەکەی کارمەند، بەرواری دامەزراندنی، مووچە، ماوەی پشووی داواکراو بدات.

- مۆڵەت/ ڕێگەپێدان بۆ چالاکی خاوەنکار، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە (بۆ نموونە: فەرمانی کارگێڕی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، تۆمارکردنی ژووری بازرگانی، تۆمارکردن بە فەرمانی پیشەیی یان کۆمەڵەکان/سەندیکاکان، بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هتد) .

ب) خاوەنکاران یان کرێکارانی سەربەخۆ:

- ڕێگەدان بە چالاکیی خاوەنکار، کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە (بۆ نموونە: فەرمانی کارگێڕی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، تۆمارکردنی ژووری بازرگانی، تۆمارکردن بە فەرمانی پیشەیی یان کۆمەڵە/سەندیکاکان، بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هتد) یان بەڵگەنامەی دیکەی بڕوانامەی پیشەیی و ئەو چالاکییەی کە ئەنجام دەدرێت.

ج) قوتابی و خوێندکاران / منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ :

- بڕوانامەی باری خێزانی (سورەت قەید)

- بەڵگەنامەی ناوتۆمارکردن و چوون بۆ قوتابخانە، پەیمانگا یان زانکۆ.

- بۆ منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ دەبێت داواکارییەکە لەلایەن دایک و باوکەوە بە شێوەیەکی شەخسی/خودی خۆی پێشکەش بکرێت. لە ئەگەری ئەوەی یەکێک لە دایک و باوکێک لەگەڵ منداڵە کەم تەمەنەکەدا ئامادەنەبێت یان گەشت نەکات، ڕەزامەندی ئەو بۆ گەشتکردن پێویستە و دەبێت لە کونسوڵگەری ئامادەبێت و واژۆ بکات.

Consolato d’Italia
Erbil

لەلایەن دادنووس (کاتب عدل) پشتڕاستکراوەتەوە، لە بەروارێکی ئەم دواییەدا. ئەگەر منداڵانی خوار هەژدە ساڵی لەگەڵ دایک و باوکیان گەشت نەکەن، جگە لە ڕەزامەندی ئەوان، بەڵگەی بەیاننامەی سپاردن بە کەسی یاوەری پێویستە.

## گرنگ

- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕدرابن بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وە لەلایەن دادنووس (کاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاستکرابنەوە (تەسدیق کرابن)؛

- بە ئارەزووی ئۆفیسی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی پێدانی ڤیزە ناکات.